# هەواڵنامەی یونامی

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق

هەواڵنامەی ژمارە 7

تشرینی دووەمی 2010

## لـــەم ژمارەیـــــەدا

روخاندنی دیواری بێدەنگی بەدەوری توندوتیژی دژی ئافرەتان لە عیراق ........................................ 1

هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ئافرەتان.............................................. 2

توندوتیژی دژی ئافرەتان لە عیراقدا: ئامار و راستی 3

پشتگیریکردن لە هەوڵەکانی عیراق بۆ تاوتوێکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان .............................. 3

توندوتیژی دژی ئافرەتان : پابەندییە نێونەتەوەییەکانی عیراق و بەدەنگهاتنە نیشتمانییەکەی...................... 4

خاتو ماکناب: بێدەنگبوون لە ئاستی توندوتیژی دژی ئافرەتان یان خۆلێگێلکردن هەرگیز چارەسەر نین...... 4

دیوەخانە ئەدەبییەکەی خاتو سەفیە ئەلسوهەیل: بووژانەوەی ژیانی کەلتوری لە بەغداد .................. 5

بەرنامەی پشتگیریکردنی گەشەی کشتوکاڵی عیراقی و کار پەیداکردن دەستپێکرد.................................. 5

بەرپرسانی عیراقی بەشداریی کۆنگرەی جیهانیی پەرەپێدان و بەردەوامبوونی شاری دەکەن............... 6

باشترکردنی سیستەمی دابینکردنی نیشتەجێکردن لە هەولێر.......................................... 7

داڕشتنی رەشنوسی یاسای رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی لوبنان ......................................................... 7

رۆژی جیهانیی ئایدز: هەوڵدان بۆ بەردەوامبوون لە بەدەنگەوەهاتنی نەخۆشی ئایدز .......................... 8

ئاراستەی مەترسیداری نەخۆشی و ڤایرۆسی ئایدز HIV/AIDSلە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا......................................................... 8

## روخاندنی دیواری بێدەنگی بەدەوری توندوتیژی دژی ئافرەتان لە عیراق



جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی لە عیراق / هەماهەنگسازی نیشتەجێ و هەماهەنگسازی مرۆیی کریستین ماکناب لە چوارچێوەی چالاکییەکانی دەستپێکردنی هەڵمەتەکە لە هەولێر، عیراق وتەیەك پێشکەشدەکات تێیدا مەینەتییەکانی ئافرەتان و کچانی عیراق بەدەست توندونیژیی جێندەری دەخاتە ڕوو.
وێنە:نەتەوە یەکگرتووەکان / سالار بریفکانی

"توندوتیژی دژی ئافرەتان لەسەرتاسەری جیهاندا هەر بەهەڵچوویی دەمێنێتەوە کە هەندێکیان شاراوەن و هەندێکییشیان یان پشتگوێخراون و یانیش بەردیان لەسەر نراوە". ئەمە قسەی (ناڤی پیلا)ی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانە بە خواستنەوە لە ئامارەکانی ئەم دواییەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە نیشانی دەدەن لە چەند وڵاتێك نزیکەی لە ٦٠٪ ی ئافرەتان رەنگە تووشی توندوتیژیی جەستەیی ببنەوە بەلای کەم جارێك لە ژیانیاندا. ئەو گەورە بەرپرسەی مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووکان جەختی کردەوە کە هیچ وڵاتێك نەگەیشتووەتە رادەی بنبڕکردنی ئەم پێشێلکارییە زەقەی مافی مرۆڤ و هانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەشی دا کە کار بۆ وەستاندنی بکەن.

لە عیراقیش لە کاتێکدا توندوتیژی گورزی قورسی خۆی وەشاندووەتە تەواوی کومەڵگە، ئافرەتان و کچان بوونەتە قوربانیی فەرامۆشکراو ئەم توندوتیژییە بەردەوامە. لە عیراقدا لە هەر پێنج ئافرەت یەکێکیان بەدەست توندوتیژیی جەستەییەوە دەناڵێنێت. نزیکەی لە ١٤٪ ی ئەو ئافرەتانەش لە کاتی تووشبوونیان بە توندوتیژیی جەستەیی دووگیان بوون و لە ٣٣٪شیان لە ئەنجامی سووکایەتیپێکردن و هەرەشە و رووشکاندنی ئاشکرا تووشی توندوتیژیی سۆزداری بوون.

بە دانان بە پێویستبوون بۆ کارکردنی زیاتر، عیراق، بە هاوبەشکاری لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ یەکەمجار بەشداریی لە "هەڵمەتی چالاکیی ١٦رۆژەی قەڵاچۆکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان" کرد. هەڵمەتەکە لە ٢٥ی تشرینی دووەم کە لە جیهان بە "رۆژی بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەت" ناسراوە دەست پێدەکات و تا ١٠ی کانونی یەکەم کە رۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤە درێژەی دەبێت.

لە هەولێری هەرێمی کوردستانی عیراقیش، هەڵمەتەکە بە ئامادەبوونی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان د. بەرهەم ساڵح و جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەمانگسازی نیشتەجێ خاتو کریستینا ماکناب دەستی پێکرد. لە رێورەسمی دەستپێکردنەکەشدا ژمارەیەك لە وەزیران و گەورە بەرپرسانی حکومی و نوێنەرانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئامادە بوون.

لە مبارەوە بەڕێز بەرهەم ساڵح، وێڕای راگەیاندنی دامەزراندنی "ئەنجومەنی کاروباری خانمان" وەك هەوڵێك بۆ تاوتوێکردنی پرسەکانی ئافرەتان بە شێوەیەکی گشتگرانە، وتی "من هیوادارم کە پەرلەمانی کوردستان بە زوویی گەڵاڵە یاسایەك بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان و قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی کچان دەربکات.



***"ئێمە پێویستە یەکبگرین. توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان مایەی قبوڵکردن نییە، بە هەر شێوەیەك و لە هەر چوارچێوەیەك و بارودۆخێکدا بێت و لەلایەن هەر سەرکردەیەکی سیاسی یان حکومەتێکەوە بێت."***

*سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بان کی مون*

لای خۆشیەوە خاتو ماکناب وتی "تاوانەکانی دژی ئافرەتان رۆژانە لە عیراقدا ئەنجام دەدرێن. ئافرەت دەکوژرێن، دەخنکێنرێن و بە لێدان لە ناودەبرێن. لە هەموو شارەکانی عیراقدا ئافرەتان لەبەر بەشداربوونیان لە کاری پرۆفیشناڵی خۆیان و لەبەرکردنی جلێك کە بە نارێك دادەنرێت و یانیش تەنها لەبەر دەرچوونیان لە ماڵەوە دەکرێنە ئامانج. لەلایەکی تریشەوە، رفاندن و کوشتن و لاقەکردنی سێکسی زۆر باون لە عیراقدا و ئەوانەش کە ئەم تاوانانە ئەنجام دەدەن زۆر بە دەگمەن تووشی سزای یاسایی دەبنەوە".

لە بەغدادیش بە ئامادەبوونی سەرەك وەزیرانی پێشوو بەڕێز ئیبراهیم جەعفەری و وزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئافرەتان د. خلود سامی و خاتو ماکناب، هەڵمەتە ١٦ رۆژییەکە لە ٢ی مانگی کانونی یەکەم دەستی پێکرد.

لەمبارەوە خاتو خلود وتی "هەڵمەتەکە دەستپێکردنی (ستراتیژی نیشتیمانیی چوار ساڵە بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان)یش رادەگەیەنێت کە بە (یاسای پاراستنی خێزان) پاڵپشتی لێدەکرێت".

بە دروشمی "یەکگرن بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە عیراقدا"، یەکەم هەڵمەتی نیشتمانیی عیراقی بۆ بڵاوکردنەوەی وشیاری سەبارەت بە توندوتیژیی جێندەری لە ناو هاوڵاتیانی عیراقدا داوای لە عیراق کرد کە یاسای پێویست و پلانی کار دەر بکات و رێوشوێنی خۆپارێزی بگرێتەبەر بۆ تاوتوێکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان و کچان لە وڵاتدا.

لە کۆتاییدا خاتو ماکناب وتی "نەتەوە یەکگرتووەکان شانازی دەکات بە یارمەتیدانی حکومەتی عیراق و ئەو رێکخراوانەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بوونەتە پێشەنگی ئەم هەڵمەتە بۆ روخاندنی ئەو دیواری بێدەنگی بەدەوری هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و کچانی عیراقی".■

## گالەری وێنە




جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی لە عیراق / هەماهەنگسازی نیشتەجێ و هەماهەنگسازی مرۆیی کریستین ماکناب وتەیەك پێشکەش دەکات لە بەغدا لە ٢ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠.



لافیتەیەك هەڵمەتی ١٦ رۆژەی چالاکی بۆ لەتاوبردنی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت لە رۆژی دەستپێکردنی هەڵمەتەکە لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٠ لە هەولێر، عیراق. وێنە: نەتەوە یەکگرتووەکان / سالار بریفکانی



جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی لە عیراق کریستین ماکناب لە چوارچێوەی چالاکییەکانی دەستپێکردنی هەڵمەتەکە لە هەولێر، عیراق رێز لە پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی دەنێت بەرامبەر بە شدارییەکانی لە پشتگیریکردنی رزگاربووانی مەینەتییەکانی توندونیژیی جێندەری. وێنە: نەتەوە یەکگرتووەکان / سالار بریفکانی



وەستان بە بێدەنگی بۆ ماوەی خولەکێك بۆ رێزنان لەو ئافرەت و کچانەی بوونەتە قوربانیی توندوتیژیی جێندەری. فۆتۆ: نەتەوە یەکگرتووەکان/ سالار بریفکانی



سەرۆك وەزیرانی پێشووتر ئیبراهیم جەعفەری و جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی لە عیراق / هەماهەنگسازی نیشتەجێ و هەماهەنگسازی مرۆیی کریستین ماکناب و وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئافرەتان دکتۆرە خلود سامی لەگەڵ ژمارەیەك پەرلەمانتاری ئافرەت لەوانە بوون کە بەشدارییان لە هەڵمەتی ١٦ رۆژەی چالاکی بۆ لەناوبردنی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت کرد.



سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان دکتۆر بەرهەم ساڵح و جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی لە عیراق کریستین ماکناب دوای دەستپێکردنی هەڵمەتی ١٦ رۆژەی چالاکی سەردانی پێشانگای کاری دەستی دەکەن کە بەندکراوانی خانەکانی چاکسازی لە هەولێر و سلێمانی دروستیان کردوون. وێنە: نەتەوە یەکگرتووەکان / سالار بریفکانی

## هەوڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ئافرەتان

**رۆژی جیهانیی بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان** لەسەرتاسەری جیهاندا لە ٢٥ی تشرینی دووەمی ٢٠١٠ یادی کرایەوە. بە بڕیاری ٥٤/١٣٤ لە ١٧ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان رۆژی ٢٥ی تشرینی دووەمی وەك رۆژی جیهانیی بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان دانا و حکومەتان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و رێکخراوە ناحکومییەکانی بانگێشتکرد بۆ رێکخستنی چەند چالاکییەك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری بۆ ئەو پرسە لەو رۆژەدا.

**هەڵمەتی ١٦ رۆژی بۆ چالاکی دژی توندوتیژیی جەندەری** لەسەرتاسەری جیهاندا لە ٢٥ی تشرینی دووەم تا ١٠ی کانونی یەکەمی ٢٠١٠ یادی کرایەوە. ئەم هەڵمەتە ١٦رۆژییە لە (پەیمانگای سەرکردایەتیی جیهانیی ئافرەتان) لە ١٩٩١ەوە سەرچاوەی گرتووە. بەشداران رۆژی ٢٥ی تشرینی دووەمیان وەك رۆژی جیهانی بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان دەستنیشان کرد بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی رەمزییانە توندوتیژی دژی ئافرەتان و مافەکانی مرۆڤ بە یەکەوە ببەستنەوە و جەختیشیان کردەوە کە ئەم جۆرە توندوتیژییە پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤە. هەڵمەتە ١٦رۆژییەکە لە لایەن تاکەکان و کۆمەڵەکانەوە لەسەرتاسەری جیهاندا وەك ستراتیژێکی رێکخەر سەیر دەکرێت بۆ داواکردنی بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان.

**"یەکگرن لە پێناو کۆتاییهێنان بە توندوتیژی دژی ئافرەتان"** هەڵمەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ "قەڵاچۆکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان". مەبەست لە هەڵمەتەکەی بان کی مۆن پێشپێگرتن و بنبڕکردنی توندوتیژییە دژی ئافرەتان و کچان لە هەموو کون و کەلەبەرێکی جیهاندا.

**"یەکگرن"** هەموو ئاژانس و نوسینگەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە یەکەوە کۆدەکاتەوە بۆ هێنانە جۆشوخرۆشی کارەکان لە تەواوی سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە مەبەستی پێشپێگرتن و بەسزاگەیاندنی توندوتیژی دژی ئافرەتان. لە رێگەی "یەکگرن"یشەوە، نەتەوە یەکگرتووەکان توانای خۆی دەخاتە پاڵ هێزی تاکەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و حکومەتان بۆ کۆتاییهێنان بە هەموو جۆرەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان.

# توندوتیژی دژی ئافرەتان لە عیراقدا: ئامار و ڕاستی*

**توندوتیژیی خێزانی:** توندوتیژی دژی ئافرەتان لە ناو خێزاندا گرفتێکی ئەوەندە گەورەیە کە پێش بە بەشداریی ئافرەتان لە کۆمەڵگادا دەگرێت. لە عیراقدا لە هەر ٥ ئافرەتی تەمەن نێوان ١٥ تا ٤٩ یەکێکیان (واتە ٢١٪) بە دەست توندوتیژیی جەستەیی لەلایەن مێردەوە دەناڵێنێت. ١٤٪ ئافرەتانی توشبووی جەستەیی لە کاتی توندوتیژییەکەدا دووگیان بوون. هەروەها لەناو ئافرەتانی قوربانیی توندوتیژی ٣٣٪یان بە دەست توندوتیژیی سۆزداری و دەروونییەوە دەناڵێنن لەکاتێکدا ٨٣٪شیان لەلایەن مێردەکانیانەوە ناچار دەکرێن هەڵسوکەوتیان سنووردار بکەن.

**زووبەشوودان:** هەرچەندە زووبەشوودان کەمبووەتەوە بەڵام تا ئێستاش هەر ماوە. ٤٪ی ئافرەتانی گەنجی نێوان ١٥ تا ١٩ ساڵانە پێش ١٥ ساڵی بەشوودراون بە بەراورد لەگەڵ ١١٪ی ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان ١٥ تا ٤٩دایە. لە عیراق مارەبڕینی خوار تەمەنی ١٥ نایاساییە و تەمەنەکانی نێوان ١٥ تا ١٨ش پێویستی بە ڕێپێدانی تایبەتی دادوەر هەیە.

**بازرگانیکردن بە ئافرەتەوە:** بەڵگە نافەرمییەکان ئەوە دەردەخەن کە چەندان ئافرەت ڕفێندراون و بۆ کاری سۆزانی فرۆشراون. قوربانییەکان هەم بۆ ناوخۆ و هەمیش بۆ وڵاتانی دراوسێی وەك سوریا و وڵاتانی کەنداو بازرگانیان پێوە دەکرێت.

**خەتەنەکردنی کچان:** هەرچەندە زانیاری ورد و دروست لەبەر دەستدا نییە، بەڵام بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان زۆر کچ و ژن لە باکووری عیراق خەتەنەکراون. چەندان هەڵمەت لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتانەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ قەدەغەکردنی یاساییانەی ئەم دیاردەیە لە ئارادایە.

**وشیاریی ئافرەتان سەبارەت بە مافەکانیان:** بە گوێرەی بەڵگەکان زۆر ژن و کچی عیراقی مافەکانی خۆیان بە تەواوی نازانن. نزیکەی لە ٥٩٪ی ئەو ئافرەتانەی کە تەمەنیان لە نێوان ١٥ تا ٤٩ ساڵدایە لەوباوەڕەن کە پیاو مافی خۆیەتی لە بەر چەند هۆکارێك لە ژنەکەی خۆی بدات. شایانی باسە ژمارەکە لە ناوچە لادێنشینەکان بەرزترە (٧٠٪) و لە نێوان ئەو ئافرەتانەش کە خوێندنی فەرمییان نییە دەگاتە (٧١٪). ئافرەتان و کچانی تەمەن ١٥ تا ٢٤ ساڵیش ناچارن وەك نەوەکانی پێشوویان بەرگەی سووکایەتیپێکردن بگرن.

**بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان:** پیاوان و ئافرەتانی گەنجی عیراق پەروەردەی خێزانی (٤٠٪) و یاسا (٣٥٪) و ئاین(٣٧٪)یان بە گەورەترین هۆکاری یارمەتیدەر زانی بۆ پێشگرتن بە توندوتیژی دژی ئافرەتان . متمانەیەکی کەمیش درایە توانای ڕاگەیاندن (٦٪) و قوتابخانە(٣٪). پیاوان و کوڕان دەورێکی گرنگیان لە بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان هەیە. لە ٥٧٪ پیاوانی گەنجی عیراقی بە شێوەیەکی گشتی لەوباوەڕەدان کە ناکرێ بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان توندوتیژی بەکار بهێنرێت. لە ٦٣٪ ی پیاوانیش، کە ڕێژەکە لەناو دەرچوانی زانکۆ دەگاتە ٧٥٪ یش، باوەڕیان وایە کە پیاو چی لە ژن کەمتر نییە. هەرچۆنێك بێت، لە ٦٨٪ لەوباوەڕەدان کە کوشتنی کچ بۆ پاراستنی ناموسی بنەماڵە کارێکی ڕەوایە و ٥٠٪ش باوەڕیان بە ڕەوایی لێدانی ژن هەیە.

**گەیشتن بە داد و ئاگالێبوون:** توانای دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ پاراستن و پێشپێگرتن و هێنانەبەردەم دادگا سنووردارە. دەسەڵاتی پۆلیس و پزیشك ئەو ڕاهێنانەیان نەبینیوە کە بتوانن ڕزگاربووانی توندوتیژی بپارێزن و بەمەش ئافرەتان لەترسی ئابرووچون و تۆڵەسەندنەوەی ئەندامانی خێزانیان ناوێرن کێسەکانیان ئاشکرا بکەن. چەند پەناگایەکی کەم بۆ داڵدەدانی ئافرەتان هەن. ئافرەتانی قوربانیی توندوتیژی لەبەر نەبوونی پەناگا ناچارن پەنا بۆ بەندیخانەکان ببەن. لە لایەکی تریشەوە، نەبوونی چوارچێوە یاسایی بەهێز بۆ پەڵکێشکردنی تاوانباران بۆ بەردەم دادگا و پاڵپشتیکردن لە قوربانیان مانای ئەوەیە کە زۆر جار ناوبژیوانی لە نێوان قوربانی و خێزانەکەی بە باشتر دەزاندرێ لە پەلکێشکردنی ئەنجامدەر. چالاکوانانی بواری مافی ئافرەتان و پەناگاکانیش تووشی هێرش و هەڕەشەی گروپی چەکدار و ئەندامانی خێزانی ئەوانە دەبن کە دەیانەوێت بیانپارێزن.

* سەرچاوەی ئەم ژمارە و ڕاستییانەی سەرەوە لەو "نامێلکەی هەڵمەتە"یە کە بەشی "زانیاری و شیکار"ی ""تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق" ئامادەی کردووە دەست دەکەوێت.

http://www.iauiraq.org/documents/1150/Brochure.pdf (ئینگلیزی)

http://www.iauiraq.org/documents/1150/arabic%20brochure.pdf (عەرەبی)

# پشتگیریکردن لە هەوڵەکانی عیراق بۆ تاوتوێکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان



پێشانگای کاری دەستی دەکەن کە بەندکراوانی خانەکانی چاکسازی لە هەولێر و سلێمانی دروستیان کردوون. وێنە: نەتەوە یەکگرتووەکان / سالار بریفکانی

توندوتیژی دژی ئافرەتان و کچان پێشێلکارییەکی زەقی مافەکانی مرۆڤە کە ئازاری جەستەیی و دەروونی سێکسیان بۆ دێنێت. هەروەها توندوتیژی توانایان لە پیادەکردنی مافە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانیان و هەروەها بەشداریکردنیان لە گەشەپێدانی عیراق سنووردار دەکات.

تاوتوێکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان بەشێکە لە هەوڵەکانی عیراق بۆ پەرەپێدانی یەکسانیی جەندەری و بەتواناکردنی ئافرەتان لە گشت بوارەکانی ژیاندا و هەروەها هاندانی عیراقیشە لە هەوڵەکانی بۆ هێنانەدی گشت "ئامانجەکانی گەشەپێدانی هەزارە".

بۆ تاوتوێکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتانیش، حکومەتی عیراق چەندان ڕێوشوێنی گرتووەتە بەر بە دەستپێکردن بە پێشکەشکردنی یاسای توندوتیژیی خێزانی، کە لەسەر ئاستی نیشتمانی و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پەرەی پێدراوە.

لە کاتی دەستپێکردنی "هەڵمەتی چالاکیی ١٦ ڕۆژە بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان"یش لە هەولێر، سەرۆکوەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرانی "ئەنجومەنی خانمان بۆ کاروباری ئافرەتان"ی ڕاگەیاند وەك هەوڵێك بۆ تاوتوێکردنی پرسەکە بە شێوەیەکی گشتگرانە و داواشی لە پەرلەمانی کوردستان کرد یاسایەك دەربکا لە پێناو بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان و قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی مێیینە.

لە بەغدادیش، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری ئافرەتان د. خلود سامی ستراتیژیی نیشتمانی چوار ساڵەی وەزارەتەکەی بۆ قەڵاچۆکردنی توندوتیژی دژی بە هاوکاری ڕێکخراوی "سندوقی دانیشتوانی" سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کە تیشك دەخاتە سەر دابینکردنی خزمەتەکان بۆ ڕزگاربوانی توندوتیژیی جێندەری.

نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕێگەی چەند ئاژانسێکی ترەوە یارمەتی عیراق دەدات بۆ لێکۆڵینەوە لەم پرسە پڕبایەخە. ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەك "سندوقیسندوقی دانیشتوان" و "یونیسێف" و "کۆمیسیاریای باڵای پەنابەران" و "تەندروستیی جیهانی" و "نوسینگەی مافی مرۆڤی یونامی" و "سندوقیسندوقی گشەپێدانی ئافرەتان" هاوکاریی یەکتر دەکەن بۆ بەهێزکردنی توانای عیراق لەسەر پەرەدان بە پلان و بەرنامەی نیشتمانی بۆ بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان و منداڵان و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاریی عیراقییەکان سەبارەت بە پرسە جێندەرییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ ڕزگاربووانی توندوتیژی.

وەك بەشێکیش لەو هەڵمەتە، "سندوقی گشەپێدانی ئافرەتان" دوو کۆنفڕانسی لەسەر توندوتیژی دژی ئافرەتان بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەرکردە ئاینییەکان ڕێکخست لە بەسڕە لە ٢٨ی تشرینی دووەم و لە نەجەف لە ٢٩ی تشرینی دووەم. لە هەردوو کۆنفڕانسەکەشدا تاوتوێکردنی بەکۆمەڵ ئەنجامدرا و بووە مایەی کۆبوونەوەیەکی گشتیی پڕ مشتومڕ لەسەر گشت چەمکەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و پێویستبوونی ستراتیژیی نیشتمانی بۆ تاوتوێکردنی پرسەکە و هەروەها پێویستبوونی چوارچێوە یاساییەکی وا کە بتوانێت پێش بە توندوتیژیی جێندەری بگرێت و ئافرەتان و کچانیش لە توندوتیژیی جێندەری بپارێزێت و ئەنجامدەرانی توندوتیژیش بۆ بەردەمی دادگا پەلکێش بکات.

لە عیراق، یەکەم هەڵمەتی نیشتمانی لەلایەن "سندوقی دانیشتوان"ەوە سەرپەرشتی کرا و لەلایەن ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە عیراق کار دەکەن وەك "ڕێکخراوی کۆچی جیهانی"و "سندوقی دانیشتوان" و "یونیسێف" و "کۆمیسیاریای باڵای پەنابەران" و "تەندروستیی جیهانی" و " یونامی" و "سندوقی گشەپێدانی ئافرەتان" و "بەرنامەی گەشەپێدان" و "یونیسکۆ" و "هابیتات" و "خۆراکی جیهانی"شەوە پشتگیریی لێکرا.

بابەتەکانی هەڵمەتەکە (PSA بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی، نامێلکە، پۆستەر، سیپارەی ڕاستییەکان) لە ماڵپەری "تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق" (http://iq.one.un.org/end-violence-against-women-campaign) دەست دەکەون.

## توندوتیژی دژی ئافرەتان : پابەندییە نێونەتەوەییەکانی عیراق و بەدەنگهاتنە نیشتمانییەکەی

وێڕای ئیمزاکردنی "پەیماننامەی بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی ڕەگەزپەرستی دژی ئافرەتان (سیداو)" لە ١٩٨٦ و چەند ڕێککەوتنێکی تری مافەکانی مرۆڤ، عیراق لە ساڵی ١٩٩٣ "جاڕنامەی بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان"یشی پەسند کرد کە تاکە ئامرازە بۆ پێناسەکردنی توندوتیژیی جێندەری.

عیراق وەك دەوڵەتێکی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بە "ئامانجەکانی گەشەپێدانی هەزارە"وە پابەندە و بە بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە ١٣٢٥ و ١٨٨٩ و ١٨٢٠ و ١٨٨٨ یش بەستراوەتەوە سەبارەت بە لێکۆڵینەوە لە بەشداریی ئافرەتان لە پرۆسەی ئاشتەوایی و تێگەیشتن لە لاقەکردنی سێکسی وەك تاکتیکی شەڕ.

حکومەتی عیراق لەسەر بنەمای ئەم پێشخانەوە هەنگاو دەنێت بۆ تاوتوێکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان و دەستپێکیش پێشکەشکردنی یاسای توندوتیژیی خێزانییە کە لەسەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمی کوردستانی عیراقیش پەرەی پێدراوە.

لەسەر ئاستی نیشتمانی، وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری ئافرەتان، سەرەڕای سنووردداربوونی توانای، دەورێکی گرنگی بینی لە گەشەپێدانی یەکسانی جێندەری لە ڕێگەی خۆتێهەڵقورتاندنی ڕاستەوخۆ و هەماهەنگیی وەزاری و گفتوگۆ لەگەڵ ڕێکخراو و کاربەدەستانی کۆمەڵگەی مەدەنی. یەکێگ لە خۆتێهەڵقورتاندنە هەرە گەورەکەی دامەزراندنی "لێژنەی هەشتا"یە کە لە نوێنەرانی چەندان وەزارەتی جۆراوجۆر پێك دێت و بە سەرپەرشتیی وەزارەتی دەوڵەت بۆ کاروباری ئافرەتان تواناکانیان یەکدەخەن بۆ تاوتوێکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان بە شێوەیەکی ستراتیژانە و هەماهەنگسازانە.

لە هەرێمی کوردستانی عیراقیش، بۆ لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی دژی ئافرەتان کۆمەڵێکی وەزاری پێکهاتووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان پەرەی بە ستراتیژێکی نیشتمانی سەبارەت بە توندوتیژی دژی ئافرەتان داوە کە پێشبینیی لێدەکرێت ببێتە بەشێکی دانەبڕاو لە "ستراتیژی نیشتمانی بۆ پێشخستنی ئافرەتانی عیراق" کە هەوڵدەدات لە پێناو دابینکردنی یەکسانیی جێندەری پێشینەکارەکانی بوارەکانی خۆتێهەڵقورتاندن بە ئاستێکی فراونتر دەستنیشان بکات.

بۆ ئاسانکردنی گەیشتنی ڕزگاربووانی توندوتیژیش بە دادپەوەری، عیراق لەسەر ئاستی نیشتمانی و حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند یەکەیەکی تایبەتی دروستکردوون کە یان بە "بەڕێوەبەرایەتیی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ئافرەتان" و یانیش بە "بەڕێوەبەرایەتییەکانی پاراستنی خێزان" ناسراون و مەبەستیشیان گەشەدانە بە داتابێسی نیشتمانی بۆ کێسەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان کە پێشبینی دەکرێت بتوانن ئەم بۆشاییەی ئێستای زانیاری کۆکردنەوە پڕبکەنەوە.

پاراستنی ڕزگاربووانی توندوتیژی پەرەی پێدەدرێ لە ڕێگەی هێنانەکایەی سیاسەتی داڵدەدانەوە کە پێشبینی دەکرێت ببێتە پێشەنگی پلانی ستراتیژیی یەکگرتوو بۆ کارکردن. ئەم پەناگایانە گرنگن بۆ پشتگیریکردن لەو ڕزگاربووانەی کە پێویستیان بە یارمەتیی ئابووری زیاتر هەیە لەو کاتەی ئەوان لە ئەنجامدەرانی توندوتیژی جیاکراونەتەوە.

لە هەمانکاتیشدا، قورسایی بایەخەکە لەسەر پێشگرتنە بە توندوتیژی کە لەلایەن بەرنامە هەنووکەییەکانی وشیارییەوە پشتگیری لێدەکرێت و گشت توێژەکانی کۆمەڵگەش دەگرێتەوە. دابینکردنی یارمەتی یاسایی ڕوو لە زیادییە بۆ یارمەتیدانی ئافرەتان لەسەر باشتر تێگەیشتن لە مافەکانیان لە چوارچێوەی کەرتی دادپەوەریدا سەبارەت بە هەردوو لایەنی مەدەنی و تاوانی.

قورسترین ئەرك بریتییە لە داکۆکیکردنی سەرکەوتووانە لە پێداچوونەوە و دەرکردنی یاسایەك کە پشتگیری لە پابەندیی یەکسانیی جێندەری بکات. ژمارەیەك لە پەیوەنداران، بە کۆمەڵگای مەدەنیشەوە، چالاکانە دەیانەوێت حکومەت و پەرلەمان بێننە پای گۆڕینی یاسایەکانی چوارچێوەی یاسای باری کەسێتی و یاسای سزا و تاوان کە لە ناو خودی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا بووەتە مایەی چەند سەرکەوتنێك.

هەنگاوی دووەم بریتییە لە گۆڕینی ئەم سەرکەوتنانە بە سیاسەتێکی کاریگەرانە و دەزگاییانە لە ناو گشت وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا. بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان تەنها لە ڕێگەی هەماهەنگیی بەهێز لە نێوان حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و تەرخانکردنی دارایی تەواو دێتە دی. لە لایەکی تریشەوە، بەتواناکردنی سیاسی و ئابووری و یاسایی ئافرەتان و پیاوان و گەنجان دەبێتە مایە دروستبوونی کەلتوری نەبوونی لێبووردەیی تەواو سەبارەت بە توندوتیژی دژی ئافرەتان و کچان.

## خاتو ماکناب: بێدەنگبوون لە ئاستی توندوتیژی دژی ئافرەتان یان خۆلێگێلکردن هەرگیز چارەسەر نین

لە جیاتی هەموو ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە عیراق کار دەکەن و پشتگیرییان لە "هەڵمەتی چالاکیی ١٦ڕۆژەی بنبڕکردنی توندوتیژی دژی ئافرەتان"کرد، جێگری نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەماهەنگسازی نیشتەجێ خاتو کریستینا ماکناب سەرپەرشتیی ڕێورەسمی دەستپێکردنی هەڵمەتەکەی لە هەولێر لە ٢٥ی تشرینی دووەم و لە بەغداد لە ٢ی کانونی یەکەم کرد.

خاتو ماکناب ئەوەی خستەڕوو کە ئەنجامدانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و کچان تەنها لەبەر ڕەگەزەکەیان ڕەنگە بڵاوترین پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بێت لە عیراق و سەرتاسەری جیهاندا.

ئەو خاتونە وتی "تاوانەکانی دژی ئافرەتان لە عیراقدا ڕۆژانە دووبارە دبنەوە. ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ئافرەتان یان بە گوللە دەکوژرێن یان دەخنکێنرێن یانیش بە لێدان لە ناودەبرێن. لە تەواوی شارەکانی عیراقیش، ئافرەتان لەسەر بەشداربوونیان لە کاری پرۆفیشناڵی خۆیان و یان لەبەرکردنی جلێك کە بە نارێك دادەنرێت یانیش تەنها لەبەر لەماڵدەرچوون بە ئامانج دەکرێن. لە عیراقدا، ڕفاندن و کوشتن و لاقەکردنی سێکسی زۆر باون و ئەنجامدەرانیش زۆر بە دەگمەن پەلکێشی دادگا دەکرێن".

ئەو هەروەها وتی "ئەم کارانە هەڕەشە لە منداڵان و خێزانەکان دەکەن و دەبنە مایەی لاوازکردنی کەرامەت و پێکهاتەی کومەڵگەی عیراقیش هەروەك چۆن بە گوێرەی (پەیماننامەی بنبڕکردنی هەموو جۆرەکانی ڕەگەزپەرستی دژی ئافرەتان)، کە عیراق ئیمزای لەسەر کردووە، دژی یاسای نێودەوڵەتیشن ".

خاتو ماکناب جەختی کردەوە لەسەر پەیوەندیی ئاڵۆسکاوی نێوان توندوتیژیی جێندەری و گۆڕانی کۆمەڵگا و شەڕ و هەژاری و، لە هەولێر و بەغدادیش چەند ڕووداوێکی وەبیر بەشداربوان هێنایەوە کە "توندوتیژی مەترسیدار زۆر دەمێکە بەرۆکی عیراقی گرتووە و هیچ شار و کۆمەڵ و تاکێکی نەبواردووە".

هەروەها ئەوەشی خستەڕوو کە "زۆربەی پیاوان نە ئەنجامدەرن و نەدەشیانەوێ ببنە ئەنجامدەری ئەم جۆرە توندوتیژییانە". ئەو خاتوونە داوای لەگشت پیاوان کرد کە دژی توندوتیژیی جێندەری بە دەنگ بێن و چالاکانەش بەشداری لە هەڵمەتە ١٦ ڕۆژییەکە بکەن. ئەو هۆشداری ئەوەشیدا کە "بێدەنگبوون و خۆلێگێلکردن هەرگیز چارەسەر نین".

ئەو لە کۆتایی قسەکانیدا وتی "نەتەوە یەکگرتووەکان شانازی بە یارمەتیدانی حکومەتی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکات کە بوونەتە پێشەنگی هەڵمەتی ڕووخاندنی ئەو دیواری بێدەنگییەی کە دەوری هەموو شێوازەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان و کچانی داوە".

یەکەم هەڵمەتی نیشتمانی لە عیراق لەلایەن "سندوقی دانیشتوان"ەوە سەرپەرشتی کرا و لەلایەن "ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی" و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی وەك "ڕێکخراوی کۆچی جیهانی"و "سندوقی دانیشتوان" و "یونیسێف" و "کۆمیسیاریای باڵای پەنابەران" و "تەندروستیی جیهانی" و " یونامی" و "سندوقی گەشەپێدانی ئافرەتان" و "بەرنامەی گەشەپێدان" و "یونیسکۆ" و "هابیتات" و "خۆراکی جیهانی"شەوە پشتگیری لێکرا.

# دیوەخانە ئەدەبییەکەی خاتو سەفیە ئەلسوهەیل: بووژانەوەی ژیانی کەلتوری لە بەغداد



لە چەپەوە بۆ ڕاست: سەفییە ئەلسوهەیل و موحەممد غەنی حیکمەت و نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق ئـاد مێلکەرت سەیری کارەکانی حیکمەت دەکەن لە دیوەخانە ئەدەبییەکەی سەفییە ئەلسوهەیل لە مانگی تشرینی دووەمی ٢٠١٠.

بەغداد بە درێژایی مێژوو بنکەیەکی ڕۆشنبیری بووە بۆ چەندان گەورە نووسەر و ژەنیار و هونەرمەند. کەسایەتییە ئەدەبییەکانی ئەو شارە لەسەر دەمی عەبباسی وەك ئەبو تەیب ئەلموتەنەببی و جاحیظ و ئەبو نەواس تا ئێستاش یادیان دەکرێتەوە و بگرە چەندان دوکان و شەقامی پایتەختیش بەناوی ئەوانەوە نراوون و میراتەکەیان بە زیندوویی دەهێڵنەوە.

هەروەها بەغداد شوێنی چەندان دیوەخانی ئەدەبی بووە کە سەردەمێك لە لایەن خەلیفە عەبباسییەکان و پاشاکان و وەزیرە بەرمەکییەکانەوە سەرپەرشتی دەکران. دیوەخانە ئەدەبییەکان (ئەلمەجالیس ئەلئەدەبییە) لە سەدەی نۆهەم لە بەغداد سەریان هەڵدا و ئەوکات بۆ کۆمەڵگەی عیراقی ببوونە شوێنی سەرەکیی کاتبەسەربردن.

بە درێژایی چەندان سەدە لە بەغداد پیاو و ژن، لە توێژ و ئاینزای جۆراوجۆر، بۆ چێژوەرگرتن لە هۆنراوە و مۆسیقا و تاوتوێکردنی بابەتە هەنووکەییەکان کۆدەبوونەوە. چەند دیوەخانێك لە ماڵە تایبەتەکانی کەسایەتییە ناودارەکاندا بوون کەچی هەندێکی تریان لە یانە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو شارەدا بوون.

لەسەردەمی فەرمانڕەوایی سەددام حوسێندا نەریتی ئەم دیوەخانانە تارادەیەك نەمابوو. هەر کە توندوتیژیش لە عیراق کەمبۆوە ، بەغدادییەکانیش دەستیان بە بووژاندنەوەی نەریتی دیوەخانە ئەدەبییەکان کردەوە کە خەریکبوو لەناوبچێ. لەم چەند ساڵە کەمەی دواییشدا چەندان دیوەخان لە سەرتاسەری شاری بەغداد پەیدابوون و یەکێك لەوان ئەوەی خاتو سەفیە ئەلسوهەیلییە.

دیوەخانە ئەدەبییەکەی خاتو سەفیە ئەلسوهەیل هەڵقوڵاوی نەریتی کۆنی تاقمی ئەدەبیی ژنانە لە جیهانی عەرەبیدا. پێش ئیسلامیش، ژنە هۆنەری بەناوبانگ ئەلخەنسا (٥٧٥-٦٦٤) سەردانی بازاڕی ئوکازی لە مەککە دەکرد بۆ خوێندنەوەی سەردولکە بۆ هەردوو برایەکەی بە ناوەکانی سەخر و موعاوییە کە لە پێشتر شەڕدا کوژرابوون. ئەو هەروەها سەرنجی خۆشی سەبارەت بە لایەنە باش و خراپەکانی ئەو هۆنراوانە دەردەبڕی کە لە لەلایەن هۆنەرانی ترەوە دەخوێندرانەوە و بەمەش نەریتی ڕەخنەی ئەدەبیی مێیینە و خانەخوێکردنی دیوەخانی ژنانی داهێنا.

پەرلەمانتار خاتو سەفیە ئەلسوهەیلی دیوەخانە ئەدەبییەکەی لە نیسانی ٢٠٠٩ دروستکرد. ئەم دیوەخانە، کە لە ماڵەکەی خۆیدایە، مانگی جارێك، بە بەشداریی چەندان نووسەری بەناوبانگ و ژەنیار و هونەرمەند لە توێژ و ئاینزا و پاشخانی ئێتنیی جۆراوجۆر، کۆبوونەوەی تێدا دەکرێت.

لە ڕۆژی هەینی ڕێککەوتی ٢٦ی تشرینی دووەم دیوەخانی سەفییە ڕێزێکی تایبەتی لە پەیکەرتاش بەناوبانگ بەڕێز موحەممەد غەنی حیکمەت و سەرۆکی یەکێتیی نووسەران و هۆنەری هەڵکەوتوو بەڕێز ئەلفرێد سەمعان نا.

دیوەخانە ئەدەبییەکەی سەفییە دەرگای بەڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ئاواڵەکرد و پێشوازیی لە نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاد مێلکەرت و ژمارەیەك لە باڵوێزان و نوێنەرانی سیلکی دیپلۆماسی کرد کە تامەزرۆ بوون ڕۆژێك ئاهەنگی ڕۆشنبیری لە پایتەختی عیراق بگێڕن.

بەڕێز مێلکەرت لەمبارەوە وتی "زۆر خۆشحاڵم کە لێرەم بۆ گێڕانی ئاهەنگی ڕۆشنبیری و هونەری و ژیان لە گەڵ خەڵکی عیراق. ژیان لە عیراق لایەنێکی جوانیشی هەیە کە شایستەی ئەوەیە ئاهەنگی بۆ بگێڕدرێت وەك ئەوەی ئەمڕۆ لەم دیوەخانە ئەدەبییە ئەنجامدرا".

(حیکمەت)ی پەیکەرتاشی تەمەن ٨١ ساڵە شانازیی بە بەغداییبوونی خۆیەوە دەکرد و خۆشەویستیشی بۆ هەر ١٥٠ پەیکەرە بەردی و بڕۆنزی و دارییەکەی دووپاتکردەوە کە دەربڕی شارستانیی عیراقن وتیشی "من تەواوی جیهان گەڕاوم و هەر کە تابلۆیەکەم لەسەر ئەفسانەی ڕۆمانی و یونانی کۆن بینیبێ ئەوەم بۆ ڕوون بۆتەوە کە ڕەگی ئەم ئەفسانانە بۆ سۆمەرییەکان یان بابلیەکان یان ئاشوریەکان یان میسرییەکان دەگەڕێتەوە. هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٥٠کانەوە من بڕیارمدا کە پەیکەری ئەفسانە عیراقییەکان داتاشم".

"من خۆشحاڵم کە ئەمڕۆ لەگەڵ ئێوەم. ڕێگەم بدەن کە بڵێم من لێرەم بۆ ئەوەی لەم "مەجلیس"ە خۆمتان پێ بناسێنم. من نوێنەری چەندان ڕۆشنبیرم کە بەشێکن لە "یەکێتی نووسەران". ئەمە قسەی بەڕێز سەمعانە کە نووسین و هەڵوێستە سیاسییەکانی لە سەردەمی سەددام حوسێندا خستیانە زیندانەوە و تووشی ئەشکەنجەیان کرد. ئەو هەروەها وتی "من باوەڕی تەواوم هەیە کە هەر یەکێك لە ئێمە چیڕۆکێکی تایبەتی خۆی لەگەڵ ڕژێمی پێشوو هەیە".

وێڕای خوێندنەوەی هونراوە، دانیشتنەکەی تشرینی دووەمی دیوەخانەکەی خاتو سەفییە لە کەشێکی ئاهەنگئامێزدا هەڵپەڕین و مۆسیقا و خواردنیشی بەخۆوە بینی. بە گەشەکردنی دیوەخانی ئەدەبی لەم چەند ساڵەی کەمەی دواییدا سەرەڕای بەردەوامبوونی توندوتیژی، هونەر و ڕۆشنبیری عیراق، کە سەردەمێك لەگەشەکردندا بوون، ئێستا بە دڵنیاییەوە دەبووژێنەوە ئەگەرچی بەهێواشیش بێ.■

گەشەکردن/ کشتوکاڵ

# بەرنامەی پشتگیریکردنی گەشەی کشتوکاڵی عیراقی و کار پەیداکردن دەستپێکرد

کشتوکاڵی عیراق، بە بەرهەمهێنانی خۆراك و ڕەخساندنی هەلی کاری بەردەوام و دابینکردنی بنەما بۆ گەشەکردنی پێشەسازییەکانی تر، توانای بەشداریکردنی لە بنبڕکردنی برسییەتیدا هەیە. سەرەڕای ئەم توانایەش، کەرتی کشتوکاڵی عیراق لەدەست گرفتەکان ڕزگاری نابێت.

پشکی کشتوکاڵ لە " سەرجەم بەرهەمی خۆماڵی"دا لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٨دا لە ٢٩٪ وە بۆ لە ٨٪ دابەزیوە. کێشەی ئەم کەرتە هەر درێژەی دەبێت بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە بەرهەمهێنانی نزمەوە هەیە بە هۆی بەڕێوەبردنی خراپی ئاودان و نارێکیی ژێرخان و خراپیی زەوی و نەبوونی خزمەتەکانی ڕێنماییکردن.

بۆ پەرەدان بە بە گەشەکردنی ئابووری و پشکی کشتوکاڵ لە سەرجەم بەرهەمی خۆماڵی و ڕەخساندنی هەلی کار، "بەرنامەی پشتگیریکردنی گەشەی کشتوکاڵی عیراقی و کار پەیداکردن" ڕاگەیەندرا.

بەرنامەکە ڕێکخراوی (فاو) جێبەجێیدەکات بە هەماهەنگیی چڕوپڕ لەگەڵ وەزارەتەکانی کشتوکاڵ و پلاندانان و چەند وەزارەتێکی تری عیراقی لە چوارچێوەی "گروپی کاری سیاسەتی نیشتمانیی کشتوکاڵی و تیمی کاری وەزاری بۆ کشتوکاڵ".

"بەرنامەی پشتگیریکردنی گەشەی کشتوکاڵی عیراقی و کار پەیداکردن" بە دوو قۆناغ جێبەجێ دەکرێت. لە قۆناغی یەکەم بەرنامەکە کاری دەستنیشانکردنی بەپەلە ئەنجامەدەدا بۆ زانیاریدان لەسەر "سیاسەتی نیشتمانیی کشتوکاڵ". قۆناغی دوووەمیش "ستراتیژی نیشتمانیی وەبەرهێنانی کشتوکاڵی "ی لێدەکەوێتەوە.

**پێنج لێکۆڵینەوەی دەستنیشانکردنی رەوشی ئابووری عیراق**

"بەرنامەی پشتگیریکردنی گەشەی کشتوکاڵی عیراقی و کار پەیداکردن" وەك بەرنامەی گشتگری گەشەپێدانی سیاسەتی داڕێژراوە کە کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی ستراتیژی بەڵگەدار و بەرنامەی درێژخایە نببێ . بەمەبەستی خستنەرووی سیاسەتی راسپاردەی گونجاو، "بەرنامەی پشتگیریکردنی گەشەی کشتوکاڵی عیراقی و کار پەیداکردن" لە قۆناغی یەکەم ٥ لێکۆڵینەوەی دەستنیشانكردنی رەوشی ئابووریی عیراق ئەنجام دەدات. ئەم ٥ لێکۆڵینەوەی خوارەوە پێشبینییان لێدەکرێت کە کۆمەڵێك داتا و زانیاری بخەنەروو کە بۆ داڕشتنی سیاسەت لە دەرەوەی کەرتی کشتوکاڵیش گرنگن.

<u>لێکۆڵینەوەی دەستنیشانکەری گەشەکردن</u>: لێکۆڵینەوەی نیشاندەری گەشەکردنە کە دەستنیشانی هەردوو ئاستەنگە پابەندکەرە سەرکییەکەی گەشەکردنی ئابووری لە عیراق دەکات. ئەم دەستنیشانکردنە بەشوێن چوارچێوەی هۆسمان و رۆدریك و ڤێلاسکۆدا دەڕوات. داڕێژەرانی سیاسەت بەهۆی دەستنیشانکردنی ئەم دوو ئاستەنگە پابەندکەرە سەرکییە دەتوانن کە پێشینەکارەکانیان، کە لەسەر بەڵگە دامەزراوە، دیار بکەن.

<u>پێداچوونەوەی کەشی وەبەرهێنان</u>: پێداچوونەوەی کەشی وەبەرهێنان دەبێتە مایەی تێگەیشتنی باش سەبارەت بە کەرت و جوگرافیای کەشی وەبەرهێنان. رووپێوێکی ئاستجێگیریش لە سەرتاسەری عیراقدا بە وردی دەستنیشانی ئەوە دەکات و لێکۆڵینەوەش ئەنجامدەدات لەسەر ئەوەی کە چۆن ئاستەنگە جۆراجۆرەکانی کەشی وبەرهێنان کاریگەریان لەسەر گەشەکردن و هەڵسوڕانی کۆمپانیایەکە هەیە.

<u>کاری رێزبەندی بەها</u>: شیکاری رێزبەندی بەهای کشتوکاڵی لە عیراق (کە پەیوەندیی بە هێنانەکایەی خزمەت یان بەرهەمەوە هەیە ) وا لە سیاسەتداڕێژان دەکات کە بتوانن دەستنیشانی ئەوە بکەن کە چۆن بەرهەمهێنان لەسەر هەر ئاستێکی رێزبەندی بەها بۆ بەرهەمێکی کشتوکاڵی دیاریکراو زیاد بکەن. "بەرنامەی پشتگیریکردنی گەشەی کشتوکاڵی عیراقی و کار پەیداکردن" زانیاری دەبەخشێ بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتیی زیادکردنی رێژەی گەشەکردنی ئابووری و پشکی کشتوکاڵ لە " سەرجەم بەرهەمی خۆماڵی " و رەخساندنی هەلی کار.

<u>رووپێوی بازاڕی کار</u>: بازاڕی کار دەورێکی گرنگی هەیە لە گەشەکردنی ئابووری و پشکی کەرتەکان لە گەشەی ئابووری و رەخساندنی هەلی کار لە هەر کەرتێکی ئابووریدا. رووپێوی کار دەستنیشانی خاڵی دەستپێك دەکات بۆ باشکردنی رەخساندنی هەلی کاری کشتوکالی لە رێگەی جێبەجێکردنی سیاسەت و بەرنامەی گونجاو.

<u>شیکارەکانی قەوارەی بازرگانی</u>: گەشەدان بەو بەرهەمی باوی جێگرەوە کە دەکرێ بازرگانییان پێوە بکرێت زۆر پێویستە بۆ رەخساندنی گەشەی ئابووری و هەلی کار و هەروەها بۆ جۆراجۆرکردنی ئابووریش. زانیارییەکی کەم لەسەر قەوارە یان بەهای ناردنە دەرەوە یان هاوردەکردن یان بازرگانیی ناوخۆیی کەلوپەلی کێڵگەیی و ناکێلگەیی دوور کیلگەیی . شیکاری قەوارەی بازرگانیی "بەرنامەی پشتگیریکردنی گەشەی کشتوکاڵی عیراقی و کار پەیداکردن" ئەم بۆشایی زانیارییە پڕدەکاتەوە و تێگەیشتنێکی راستەقینە لە سروشتی راستەقینەی ئەو بەرهەمە کشتوکاڵییانەی بازرگانیان پێوە دەکرێت فەراهەم دەکات.



دارمانی تەواوی سیستەمی ژینگەیی لە زۆنگاوەکان بە هۆی شەڕ و کەمبوونەوەی وەبەرهێنانی حکومی هەڕەشە لە نەمانی سەرچاوەی بژێوی زۆر هاوڵاتییان دەکەن.

ئەم لێکۆڵینەوانە پێشتر دەستیان پێکراوە و، وەزارەتی کشتوکاڵ و شارەزایانی "بەرنامەی پشتگیریکردنی گەشەی کشتوکاڵی عیراقی و کار پەیداکردن"یش بەڕێوەیاندەبەن. بە راوێژی چڕوپڕ لەگەڵ "نوسینگەی ناوەندی بۆ ئامار و زانیاریی تەکنۆلۆژی" وەزارەتەکانی پلاندانان و کشتوکاڵ و چەند ئاژانسێکی تری نەتەوە یەکگرتووەکان داتاکان کۆدەکەنەوە. شیکار و دەرئەنجامەکانیش لە نیوەی دووەمی ٢٠١١ بڵاودەکرێنەوە.

قوناغی یەکەمی دەستنیشانکەر و شیکەرەوە بەڵگەی پێویست بۆ گەشەدان بە سیاسەتێکی لەسەربەڵگەبەند دابین دەکات و لەو چوارچێوەیەش پێشینەکارەکان و سوودوەرگرتن لە کەرتی تایبەتیش دەستنیشان دەکرێن. بەستنەوەی سیاسەتی کشتوکاڵیی تازە بە بەرنامەکانی وەبەرهێنانی نیشتیمانیی گشتی بۆ هاندان و جۆراوجۆرکردنی گەشەکردن و دروستکردنی هەلی کارە بەردی بناغەی سەرکەوتنی ئەم کارەن.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە یارمەتیدەری پرۆگرام لە فاوی عیراق دییا

ئەلفازیل بە ئیمەیلی: " deya.alfadil@faoiraq.org



# بەرپرسانی عیراقی بەشداریی کۆنگرەی جیهانیی پەرەپێدان و بەردەوامبوونی شاری دەکەن



بەرپرسانی عیراقی سەردانی دامەزراوەیەکی لەناوبردنی خاشاکی ترسناك لە هامبورگ دەکەن.

لە ١٥ تا ١٨ی تشرینی دووەم لە شاری هامبۆرگ لە ئەڵمانیا، پێنج بەرپرسی باڵای حکومەتی عیراقی بە هاوکاریی رێکخراوی هابیتاتی نەتەوەیەکگرتووەکان بەشدارییان لە کۆنگرەی جیهانیی ٢٠١٠ بۆ پەرەپێدان و بەردەوامبوونی شاری کرد. کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی خاشاك کۆنگرەکەی ئەمساڵی رێکخستبووکە تێیدا باس لە ئاستەنگە سەرەکییەکانی بەردەم چارەسەرکردنی خاشاك لە سەدەی ٢١ کرد.

پێنج بەشداره عیراقییەکان نوێنەرانی وەزارەتی شارەوانی و کار و، وەزارەتی شارەوانی و گەشتو گوزاری سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و سێ بەڕێوەبەری باڵای شارەوانییەکانی پارێزگاکانی سولەیمانی و ئەنبار و زیقار بوون.

بە چاودێریی بەرنامەی هاوبەشی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ دانانی ماستەر پلانی ئاو و ئاوەڕۆ و تواناسازی، پێنج بەرپرسە عیراقییەکان توانییان بەشداری لە کۆنگرەکە بکەن و سوود لە زانینی هاوچەرخانەی جۆرەها تەکنۆلۆژیای

بەکارهاتوو وەربگرن وهەروەها سوود لە گفتوگۆ و هەڵسەنگاندنی تەکنۆلۆژیا نوێیەکان وەربگرن کە ئامانجیان چارەسەرکردنی ئاستەنگە نوێیەکانە.

هەروەها چۆنیەتیی سووتماککردنی خاشاك بە بەشداربووان پیشاندرا لە سەردانێکی مەیدانی بۆ دامەزراوەی سووتماککردنی خاشاکی مەترسیدار لە شاری هامبۆرگ. ئەم کارگەیە لە ساڵی ١٩٧١ەوە پێشەنگی بواری لەناوبردنی ژینگەپارێزانەی پاشماوە پیشەسازییەکانە چونکە یەکەم دامەزراوەی سووتماککردنە بە پلەی گەرمیی زۆر بەرز لە ئەڵمانیا. بەشداربووان سەردانی دامەزراوەیەکی تری سووتماککردنی پاشماوەیان کرد کە ساڵانە زیاتر لە ٣٢٠.٠٠٠ تەن لە خاشاکی شارەوانی و بازرگانی دەسووتێنێت.

*بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە خاتوو شیرین کریکۆریان، ڕێکخراوی هابیتاتی نەتەوەیەکگرتووەکان – بەرنامەی عیراق:*
sherien.krikorian@unhabitat.org

پەرەپێدانی شاری

## باشترکردنی سیستەمی دابینکردنی نیشتەجێکردن لە هەولێر




هابیتاتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٩ و ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠١٠ سەکۆیکارێك لە هەولێر ساز دەکەن بە ناوی "باشترکردنی سیستەمی دابینکردنی خانوو".
وێنە: بەرنامەی عیراقی هابیتاتی نەتەوە یەکگرتووەکان.

ڕێکخراوی هابیتاتی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان لە ٩ی تشرینی دووەم سەکۆی کارێکی دوو ڕۆژی لەگەڵ پەیوەندارە سەرەکییەکانی سازکرد بۆ گفتوگۆکردن لەسەر جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی نیشتەجێکردن لەگەڵ دام و دەزگاکانی نیشتەجێکردنی شاری و خستنەڕووی سیاسەتی تازە دانراوی نیشتەجێکردنی نیشتیمانی.

هەر یەك لە وەزیرانی پلاندانان و شارەوانییەکان گەشتوگوزار، و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارێزگاری هەولێر و چەند جێگری وەزیرەکان و بەڕێوەبەرە گشتییەکان و ستافی تەکنیکیی تر ئامادەی سەکۆی کارەکە بوون کە بە ناونیشانی "باشترکردنی سیستەمی دابینکردنی نیشتەجێکردن لە هەولێر" سازکرا.

جێگری وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی بەغداش ئامادەی بۆنەکە بوو و سیاسەتی تازە پەسەندکراوی نیشتەجێکردنی نیشتیمانیی خستەڕوو بە ئومێدی هاوکاریکردنی ئایندەی نێوان وەزارەتەکانی نیشتەجێکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغدا.

بڕیاری کاراکردنی تیمێکی کار بۆ پێداچوونەوە و پەسەندکردنی ستراتیژیەتی نیشتەجێکردن لە هەولێر یەکێك بوو لە دەرئەنجامە ڕاستەوخۆیەکانی سەکۆیکارەکە. پاش ڕازیبوونی بەشداربووان لەسەر پێکهاتە و کار و ئەندامێتیی تیمی کارەکە، ڕێکخراوی هابیتاتی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان و لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو هەنگاوانەی کە پێویستە بنرێن بۆ کاراکردنی تیمی کارەکە.

هەروەها سەکۆیکارەکە تیشکی خستە سەر هەندێ میکانیزمی تازە پێشکەشکراو بۆ باشترکردنی جێنشینە بێ خزمەت و نارەسمییەکان بە ڕابەریی ڕێکخراوی هابیتات و UNDP لە چوارچێوەی پرۆژەی "باشترکردنی دابینکردنی نیشتەجێکردنی گونجاو لە هەولێر".

ئەم پرۆژەیە، کە داراییەکی لەلایەن سندوقی متمانەی عیراقییەوە دابینکراوە، کۆمەڵێك میکانیزمی داناوە کە ڕێگە بە پارێزگای هەولێر دا بۆ ئەوەی هاوبەشی لەگەڵ دوو کۆمەڵگەی بێ خزمەت و فەرامۆشکراو لە هەولێر بکات بۆ باشترکردنی ژێرخانی سروشتی و کۆمەڵایەتی، و بە ڕەسمیکردنی خاوەنداری و پەرەپێدانی نیشتەجێکردن.

ستراتیژیەتی نیشتەجێکردن لە هەولێر لە چوارچێوەی قۆناغی دووەمی پرۆژەی "پتەوکردنی توانای کەرتی نیشتەجێکردن لە عیراق"دا ئامادەکراوە کە دەستپێشخەریەکە گرووپی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان (UNDG) - سندوقی متمانەی عیراق داراییەکەی ئەویشی دابینکردووە.

*بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە خاتوو شیرین کریکۆریان، ڕێکخراوی هابیتاتی سەر بەنەتەوەیەکگرتووەکان – بەرنامەی عیراق:*
*sherien.krikorian@unhabitat.org*

کۆمەڵگای مەدەنی

## داڕشتنی ڕەشنوسی یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان بە سوودوەرگرتن لە ئەزموونی لوبنان

پاش سەردانەکەیان بۆ لوبنان بۆ ئاگاداربوون لە دەوری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە دەوڵەتێکی دیموکراتیدا، پەیوەندیدارەکانی بە یاسایێکی نوێی ڕێکخراوەناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان لە مانگی تشرینی دووەم لە سەر داڕشتنی پڕۆژە یاساکەیان ڕێککەوتن. ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەگەڵ بەرپرسان و کۆمەڵگەی مەدەنیی لوبنانی دیار و سوودبەخش و ئیلهامبەخش بۆ دانانی یاساکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێناو ئاسانکردنی کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان .

مێزگردە سێ ڕۆژییەکە بەدواداچوونی کۆنفرانسێکی گەورەتری پەیوەندیدارانی هەرێمی کوردستان و هەموو عیراق بوولە مانگی ئەیلول بە یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان و، هەروەها هەلێکی گونجاویش بوو بۆ گرووپێکی بچووکتری ئەندامانی پەرلەمان و نوێنەرانی لیژنەکانی بەرپرس لە داڕشتنی یاساکە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی سوود لە ئەزموونی لوبنان وەربگرن و پەرە بە شێوەی داڕشتنی دەقی پڕۆژە یاساکە بدەن.

سەردانەکە کە نوێنەرانی حکومەتی کوردستان و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە ناحوکومییەکانی هەرێمی کوردستانیش ئامادەی ببوون، لەلایەن نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتگوزاریی پرۆژەکان (یونۆپس) بە هاوکاریی (ناوەندی نێودەوڵەتیی یاسای بێ قازانج) ڕێکخرا و یەکێتی ئەوروپی و حکومەتی فنلەندا و کۆمەکبەخشانی تر داراییان بۆ دابینکردبوو لە ڕێگەی گرووپی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان– سندوقی متمانەی عیراقی.

وڵاتی لوبنان چوارچێوەیەکی توانابەخشی هەیە بۆ بەشداریکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لەژیانی گشتیدا و، بەشداربووانی هەرێمی کوردستانیش سوودێکی زۆریان وەرگرت لە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ هاوتا لوبنانییەکانیان، بەتایبەتی سەبارەت بە شارەزابوونیان لە پڕۆسەی ئاسان و کارای تۆمارکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگەی مەدەنی و دەسەڵاتەکان.

لە یەکەم ڕۆژی سەردانەکەدا، بەشداربووانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ نوێنەرانی هەریەك لەپەرلەمانی لوبنانی و کۆمەڵگەی مەدەنی کۆبوونەوە و گفتوگۆیان لەسەر دەوری کۆمەڵگەی مەدەنی لەلوبنان کر، و ئەو یاسا و پڕاکتیکانەی لوبنانیان شی کردەوە کە کۆنتڕۆڵی کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە وڵات دەکەن.

هاوتا لوبنانییەکانیان ڕاوبۆچوونی خۆیان لەسەر پڕۆژەیاسای ئێستای ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان دەربڕی.

دوو ڕۆژەکەی تری کۆنفراسەکە تەرخان کرابوون بۆ گفتوگۆی یاسایی وورد و بەرجەستە لەسەر بنەما و داڕشتنی چەند بڕگەیەکی ڕەشنوسی یاساکە شارەزا نێودەوڵەتییەکان دانیشتنەکانیان بەڕێوە دەبرد.

لەکۆتایی کۆبوونەوەکەدا بەشداربووانی هەرێمی کوردستان ڕێککەوتن لەسەر دەسکاریکردنی ئەو پڕۆژەیاسایەی کە لە ئاییندەی پەرلەمانی کوردستان کاری لەسەر دەکرێت.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە بەڕێز ئادەم ستایپ-ریکۆسکی adams@unops.org *یان تەلەفۆنی +962 775466010* یان کەریم ئەلبەیار *+1 (202) 684-2528 KElbayar@icnl.org*

# ڕۆژی جیهانیی ئایدز: هەوڵدان بۆ بەردەوامبوون لە بەدەنگەوەهاتنی نەخۆشی ئایدز




ئامەنگیران بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ئایدز لەڕێگەی کۆڕێك بۆ زیادکردنی هۆشیاری دەربارەی نەخۆشییەکە. وێنە: ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی/ نوسینگەی عیراق.

سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بان کی مون وتی "هەرچەندە لە سی ساڵی ڕابردوو پێشکەوتنێکی گرنگ لە دژی بڵاوبونەوەی نەخۆشیی ئایدز بەدیهاتووە، بەڵام نابێ جیهان هەوڵ و کۆششی خۆی کەم بکاتەوە بۆ نەهێشتنی پەتاکە"

لە پەیامێکیدا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی ئایدز،کە لە ١ی کانونی یەکەمی هەموو ساڵێك لەسەر ئاستی جیهانی یادی دەکرێتەوە بان کی مون وتی "ئامانجی هاوبەشمان ڕوون و ئاشکرایە ئەویش دابینکردنی ڕێگری لە ئایدز و چارەسەرکردن و چاودێریکردن و پشتگیریکردنە بۆ هەموو جیهان. هەروەها پێویستە کاربکەین بۆ درێژەدان بە نەهێشتنی نەخۆشی ئایدز (...) ئێستا کە سی ساڵە خەڵك لەم تەنگوچەڵەمەدا دەناڵێنێت، با بڕیاربدەین بۆ بەدەستهێنانی "سێ سفر" ـ ژمارەی تازە توشبووانی ڤایرۆسی HIV ببێتە سفر، جیاکاری ببێ بە سفر ڕێژەی مردووان بە نەخۆشی ئایدزیش ببێ بە سفر."

بەڕێوەبەری گشتی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (WHO) خاتوو مارگرێت چان لە پەیامەکەی خۆیدا داوای کرد کە مافی مرۆڤی تووشبووانی نەخۆشی ئایدز و هەڵگرانی ڤایرۆسەکەی HIV/AIDS پارێزراو بێت و هانی هەموو کەرتەکانی دا بۆ وەستان دژی جیاکاری بەرامبەر بە تووشبووانی ئەم نەخۆشییە.

لە عیراق، نوسینگەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO) لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی یادی ڕۆژی جیهانیی ئایدزیان کردەوە لە ڕێگەی ڕێکخستنی چەند چالاکییەك لە بەغدا و لە سەر ئاستی پارێزگاکان بە دروشمی "دابینکردنی جیهانی و مافەکانی مرۆڤ". چالاکییەکان جەختیان کردە سەر باشترکردنی هۆشیاریی عیراقییەکان بەرامبەر گواستنەوە و ڕێگری لە ڤایرۆسی HIV و هەروەها چارەسەرکردنی نەخۆشی ئایدز.

ڕێژەی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی HIV لە عیراق بە کەمتر لە ٠.١٪ ی ڕێژەی دانیشتوان دەخەمڵێنرێت، بەڵام بڕوا وایە هۆکارەکانی لاوازی و مەترسیی پەیوەندیدار بەم ڤایرۆسەوە بە بەردەوامی لە زیادبووندان. ژمارەی زیاتری گەنجان لەوانەیە کێشەکە قووڵتر بکەنەوە لەگەڵ ئازادبوونی پەیوەندییە بازرگانییەکان و کرانەوەی سنوورەکان کە عیراق پەلکێشدەکەن بەرەو ناوەندە جیهانییەکانی بازرگانی کردن بە ماددە هۆشبەرەکان.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکەن بە خاتوو ڕوبا حیکمەت:
kawafhar@irq.emro.who.int

# ئاراستەی مەترسیداری نەخۆشی و ڤایرۆسی ئایدز HIV/AIDSلە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا




بە گوێرەی ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٠ی (پەتای جیهانیی ئایدز)، هەوڵە جیهانییەکان بۆ ڕاگرتن و نەهێشتنی بڵاوبوونەوەی توشبوون بە ڤایرۆسی HIV ئەنجامی گرنگی هەیە و پێشاندەدات کە ژمارەی تازە تووشبووان و مردووان بەهۆی ئایدز ڕوو لە کەمییە و هەندێ جاریش یەکجار کەمی کردووە.

ڕاپۆرتەکە بەرنامەی هاوبەشی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەتا و ڤایرۆسی ئایدز (UNAIDS) ئامادەیکردووە و، داتای سەرەکی لەسەر HIV لە ١٨٢ وڵات لە خۆدەگرێت. ڕاپۆرتەکە نیشانیدەدات کە نزیکەی ٢.٦ ملیۆن کەس تازە تووشی ڤایرۆسی HIV بوون، کە نزیکەی ٢٠٪ کەمترە لە ٣.١ ملیۆنی ژمارەی کەسانی تازە تووشبوو لە ساڵی ١٩٩٩. لە ساڵی ٢٠٠٩ نزیکەی ١.٨ ملیۆن کەس بەهۆی نەخۆشیی پەیوەندار بە ئایدزەوە مردوون و ڕێژەکە یەك لەسەر پێنجی کەمترە لە ٢.١ ملیۆن مردوو بە هەمان هۆ لە ساڵی ٢٠٠٤.

ڕاپۆرتەکە ئەوەشی دەرخستوە کە لە ساڵانی ٢٠٠١ تا ٢٠٠٩ ڕێژەی تازە تووشبووان بە ڤایرۆسی HIV یان سەقامگیر بووە یان بە لایەنی کەم زیاتر لە ٢٥٪ کەم بۆتەوە لە ٥٦ وڵاتی سەرانسەری جیهان، بە ٣٤ وڵات لە نیمچە بیابانی ئەفریقیاشەوە.

بە گوێرەی ئەنجامەکانی ڕاپۆرتەکە، ڕێژەی تازە توشبووان بە ڤایرۆسی HIV و مردووان بەهۆی پەتای ئەیدز لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا مەترسیدارە. لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ دا نزیکەی ٤٦٠ هەزار کەس هەڵگری ڤایرۆسی HIV بوون کەچی لە ساڵی ٢٠٠١ تەنها ١٨٠ هەزار کەس بوون.

ڕاپۆرتەکە وا دیاردەکات کە لە دە ساڵی ڕابوردوودا، ژمارەی تازە تووشبووانیش زیادی کردووە. لە ساڵی ٢٠٠٩ دا ژمارەی تازە توشبووان ٧٥ هەزار کەس بوو، کە ئەوەش دوو هێندەی ژمارەی ساڵی ٢٠٠١ە. ڕێژەی مردووان بە نەخۆشی ئەیدز نزیکەی سێ بەرامبەر بووە: لە ٨٣٠٠ کەس لەساڵی ٢٠٠١ەوە بۆ ٢٣٠٠٠ کەس

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە " داتای جێمتمانە لەسەر ئەم پەتایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا بە ئەستەم دەستدەکەوێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی ئاستەنگ لە بەردەم بە دڵنیایی شوێنپێهەڵگرتنی ئاراستەکانی پەتاکە". بەڵگە بەردەستەکان ئاماژە بە زیادبوونی بڵاوبوونەوە و تووشبوونی تازە بە ڤایرۆسی HIV و مردووان بە هۆی پەتای ئایدز دەکەن.

بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی HIV نزمە تەنها لە جیبۆتی و باشووری سودان نەبێت کە ڤایرۆسەکە بەناو گشت دانیشتوان بڵاوەی کردووە و پتر لە ١٪ی ژنانی دووگیان کە خزمەتگوزاریی بەر لە دایکبوون بەکاردێنن هەڵگری ئەم ڤایرۆسەن.

ڕاپۆرتەکە ئەوەش پیشان دەدات کە بڕوا وایە وڵاتی ئیران زۆرترین ژمارەی کەسانی بەکارهێنەری مادە هۆشبەرەکان بە دەرزی لەخۆدان لە خۆبگرێت و لە ئیرانیش ڤایرۆسەکە بەشێوەیەکی سەرەکی لە ناو ئەم کۆمەڵە خەڵکانەدا بڵاوەی کردووە. ڕێژەی ئەو خەڵکانەی مادە هۆشبەرەکان بە دەرزی بەکاردەهێنن و هەڵگری ئەم ڤایرۆسە بوون لە سەرتاسەری ئیران لەساڵی 2007 بە ١٤٪ خەملێنراوە.

دۆزینەوەی بڵاوبوونەوەی یەکجار بەرزی ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر C (٨٠٪) دەستبەسەرکراوانی بەکارهێنەری مادەدە هۆشبەرەکان بە دەرزی لە تاران ئەگەری زۆری بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی HIV لە نێو بەکارهێنەرانی مادەدە هۆشبەرەکان بە دەرزی و خەڵکی تریش پیشان. وا خەملێنراوە کە نزیکەی نیوەی (٤٥٪)ی بەندکراوەکانی بەندیخانە ئیرانییەکان بە تاوانی پەیوەست بە مادەدە هۆشبەرەکانەوە گیراون.

هەروەها ڕاپۆرتەکە ئەوەش پیشان دەدات کە بەرکەوتن لەگەڵ کەلوپەلی پیسبوو بە دەرزیی مادەدە هۆشبەرەکان، لە پەتاکانی وڵاتانی جەزائیر، میسر، لوبنان، جەماهیرییەی عەرەبیی لیبیا، مەغریب، عومان، کۆماری عەرەبیی سوریا و تونس ئاماژەی پێکراوە.

داگرتنی تەواوی ڕاپۆرتەکەی "پەتای جیهانیی ئایدز ٢٠١٠" لە ڕێگەی ئەم پێگەیەوە دەکرێت: [http://www.unaids.org/globalreport/Global_report.htm](http://www.unaids.org/globalreport/Global_report.htm)

**هەواڵنامەی یونامی** مانگانە لە لایەن نوسینگەی ڕاگەیاندنی گشتیی یونامی دەردەچێت و بابەتەکانیش مەرج نییە دەربڕی ڕای نەتەوە یەکگرتووەکان یان یونامی بێت. بابەتەکان ئازادانە بڵاو دەکرێنەوە لەگەڵ سوپاس بۆ هەواڵنامەی یونامی

بۆ لێدوان و پێشنیار پەیوەندی بکەن بە
unami-information@un.org

سەرۆکی نوسینگەی ڕاگەیاندن / وتەبێژ: ڕادیە عاشوری
جێگری سەرۆکی نوسینگەی ڕاگەیاندن/ وتەبێژ: ئیلیانا نەبعە
سەرۆکی بەشی بڵاوکراوەکان: عائیشە بەسری
نوسیار: ڕەندا جەمال
نوسیار: لەیلا شەمجی
دیزان و گرافیك: سالار بریفکانی

## هەڵمەتی١٦ ڕۆژەی چالاکی بۆ لەناوبردنی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت



















**لیستی کورتکراوەی ناوەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان:**
لە عیراقدا ١٦ ڕێکخراو و بەرنامە و ئاژانس و سندوقی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکەن: ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ((FAO و ڕێکخراوی کاری جیهانی ( (ILOو ڕێکخراوی کۆچی جیهانی ( (IOMو نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بو هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان UNDP و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری- یونیسکۆ UNESCOو سندوقی دانیشتوانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (( UNFPAو بەرنامەی نیشتەجێکردنی مرۆیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ((Habitat و نوسینگەی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران ( (UNHCRو سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان- یونیسێف UNICEFو ڕێکخراوی پەرەپێدانی پیشەسازیی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان ( (UNIDOو سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی ژنان ( (UNIFEMو نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگسازیی کاروبارە مرۆییەکان ( (UN OCHAو نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتەکانی پرۆژە - یونۆپس ( (UNOPSو ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی ( (WFPو ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ( WHO).